هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە لە خاکێکین کە ئەهلی کتێبی لێیە، ئایا لە دەفرەکانیان خواردن بخۆین

لە ئەبی سەعلەبەی خوشەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە لە خاکێکین کە ئەهلی کتێبی لێیە، ئایا دەفرەکانیان (قاپەکانیان) خواردن بخۆین؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوەی باست کرد (واتە: لە دەفری ئەهلی کتێب)، ئەگەر جگە لەوانەتان دەستکەوت ئەوا لە دەفری ئەوان خواردن مەخۆن، وئەگەر دەفری ترتان دەستنەکەوت، ئەوا بیشۆرن وخواردنی تێدا بخۆن، وئەوەی ڕاوت کردووە بە تیروکەوانەکەت، ئەگەر ناوی خودا هێنا بوو (لە کاتی وەشانی تیرەکە) ئەوا بیخۆ، وئەوەی ڕاوت کردووە بە سەگە فێرکراوەکەت، ئەگەر ناوی خودات هێنا بوو ئەوا بیخۆ، وئەوەی ڕاوت کردووە بە سەگە نافێرکراوەکەت، ئەگەر ناوی خودات هێنا بوو ئەوا پێی بگە لە پێش ئەوەی بمرێت وسەری بڕە وبیخۆ».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبو سەعلەبە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی کرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە ئەوان تاقیکراونەتەوە بە نیشتەجێبوونی ئەهلی کتێب لەگەڵیان، ومەبەستی جولەکە یان نەسڕانیەکانە، وپرسیاری کرد ئایا دروستە لە پەرداخ ودەفرەکانیان خواردن وخواردنەوە بخورێت چونکە گومان لە پیس بوونیان هەیە؟ وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەتوای ئەوەی دا کە دروستە، بەڵام مەرجەکەی ئەوەیە کە: 1/ جام وقاپی تر نەبێت. 2/بیانشۆن. وئەبو سەعلەبە باسی ئەوەی کرد ئەوان لە شوێنێک نیشتەجێن کە ڕاوی تێدا دەکرێت، وئەو بە تیروکەوانەی خۆی وبە سەگە فێرکراوەکەی ڕاو دەکات لە گەڵ ڕەچاوکردنی ئادابەکانی ڕاوکردن، وجاری وایە بە سەگی فێرنەکراو ڕاو دەکات، بۆیە پرسیاری کرد ئایا کام لەم جۆرە ڕاوکردنانە بەم کەرەستانەوە دروستە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەتوای بۆ دا ئەوەی کە ڕاوی کردووە بە کەرەستەی خۆی (بە تیروکەوان وهتد) ئەوا دروستە، بە مەرجێک کە ناوی خودا بهێنێت لە کاتی وەشاندنی تیرەکە (یان لە کاتی تەقاندنی ئامێری ڕاوکردنەکە)، بەڵام ئەوەی سەگە فێرکراوانەی ڕاوی دەکەن ودەیهێنن ئەگەر ناوی خودا هێنرا بێت لە کاتی وەشاندنی تیرەکە (ئامێری ڕاوکردنەکە) ئەوا حەڵاڵە، بەڵام ئەو سەگەی کە فێرنەکراوە؛ دروست نییە خواردن لەو گۆشتەی کە ڕاوی کردووە مەگەر بە زیندوویەتی ڕاوەکەی هێنا بێت بۆیە لەم کاتەدا دروستە کە بە شێوەیەکی شەرعی سەری بپڕێت وبیخوات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2956